# دیداری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە



سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٤-١١-٢٠٠٩
١٣-٨-١٣٨٨

ڕۆژی چوار شەممە ١٣ ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ ی نوامبری ٢٠٠٩ ی زایینی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان، حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزب و تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسی، مەلا ئەحمەد ڕەحیمی، موحەممەد ساحێبی، عوٚمەر غوڵام عەلی،ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و سەید عێزەت حوسێنی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی بە سەردانێکی ڕەسمی گەییشتنە مقەری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و لە لایەن هەیئەتێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی بە سەرپەرەستی هاوڕێ فارووق بابامیری پێشوازییان لێکرا.لەم دیدارەدا سەرەڕای تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە بە گشتی و ئێران و کوردستان بە تایبەتی سەبارەت بە قۆناخی تازەی خەباتی جەماوەری خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە دژی ڕژیمی ئیسلامی ئێران وقووڵ بوونەوەی کێشەی باڵەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆ کراو خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ئەم بزوتنەوەیە خرانە بەر باس و لێکولینەوە و هەردوولا ڕاو بۆچوونی خۆیانیان بە ئاگاداری یەکتر گەیاند .

تەوەری تری باسەکانی ئەم دانیشتنە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و گورانکارییەکانی ئەم دواییانەی دەوڵەتی تورکیە و هێزە کوردییەکانی ئەم وڵاتە بوون کە وەك سیاسەتێکی درووست و گونجاو لەم دەورەیەدا زیاتر پشتیوانی لێبکریت .

لە کۆتایی دا هەردوولا لە سەر پەرەپێدانی زیاتری حیزبە کوردییەکان و هەر وەها کاری هاوبەشی حیزب و کۆمەڵە لە داهاتوودا تەئکیدیان کردەوە .

# بەشداری کۆمەڵە لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە « مەسەلەی کەمایەتییە»کان




لە ڕۆژەکانی ١٢و ١٣ی نوامبری ساڵی ٢٠٠٩، بە بەشداری نوێنەرانی هەمیشەیی نزیك بە ١٠٠ وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ٤٠٠ کەس لە وتەبێژانی کەمایەتییە نەتەوەیی، زمانی، ئایینی، ڕەگەزی و فەرهەنگی و نوێنەرانی ڕێکخراوگەلی ناحکوومی جیهان لە مقەری ئوروپایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ,کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شاری ژێنێڤی سوئیس بەڕێوە چوو. پرسی ئەم کۆبوونەوەیە کە لە لایەن «شۆڕای مافی مرۆڤ»ی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە چوو، « بەشداری کردنی کەمایەتییەکان لە سیاسەتی وڵاتی خۆیان»دا بوو. لە نێوان بەشداربووان جگە لە نوێنەرانی وڵاتان، پارێزەرانی مافی کەمایەتییەکان، کەمایەتیە ئیتنیکییەکان، ژنان، کەمایەتییە ئایینی و زمانییەکان و... بەرچاو دەکەوتن.

حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە « کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ» یش لە زومرەی بەشداربووانی ئەم کۆنفرانسە بوون کە بەشداری کردنیان لە لایەن ڕێکخراوی «یو ئێن، پی ئۆ» واتە ڕێکخراوی نەتەوە بێ نوێنەرەکانەوە جێ بە جێ کرابوو. جێگای ئاماژەیە کە ئەمە دووهەم کۆنفرانسی شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو سەبارەت بە مافی کەمایەتییەکان. یەکەمین کۆبونەوە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی بەڕێوە چوو کە چەند ڕێکخراوی نەتەوەکانی ئێران تێدا بەشدار بوون. ئەمساڵ ئەم بەشدارییە بەرفراوانتر و ڕێکخراوتر بەڕێوەچوو. « کۆمەڵەی شورشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران»، حیزبی «هەمبەستگی دیموکراتیکی ئەهواز»، حیزبی «خەڵکی بەلووچستان» و حیزبی «یەکیەتی لۆرستان و بەختیاری» لەم کۆنفراسەدا بەشدارییان کرد.

ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە بە وتەکانی سەرۆکی شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد و دواتر ڕاپۆرتی خاتوو «گەئی مەکدوگال» کارناسی باڵای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری کەمایەتییەکان پێشکەشکرا. یەکەم لێدوانی ئەم کۆبوونەوەیە لە لایەن «باربار لی» نوێنەری کۆنگرەی ئەمریکا و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ڕەشپێستەکانەوە بوو کە بە تێر و تەسەلی باسی لە چۆنیەتی بەدیهاتنی مافی یەکسان بۆ ڕەش پێست وسپی پێستەکانی ئەمریکای کرد. جێگری کۆمیسێری باڵای مافی مرۆڤیش باسێکی سەبارەت بە دەسکەوتەکانی کۆبوونەوەکەی ساڵی رابردووی ئاماژە پێکرد و دواتریش نوێنەرانی وڵاتان و کەمایەتییە جۆراجۆرەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکە دەربارەی ئەزموونە پۆزەتیڤ و لە پاڵیدا، کۆسپە هەنووکەییەکان دەربارەی وەدیهێنانی بارودۆخێك بۆ بەشداری کەمایەتییە جۆراو جۆرەکان لە چوارچێوەی توانایییەکانی دەوڵەتەکانیان باس و لێدوانیان پێشکەش کرد. جێگای وەبیرهێنانەوەیە بە پێی بەندی ١٦ی پەسەند کراوەی ساڵی ڕابردووی ئەم کۆنفرانسە، ئەرکی هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە هەوڵی پراتیك، هەموو دۆخ و یاساکانی هۆکار لە هەڵاواردنی کەمایەتییەکان چارەسەر بکەن.

هەروەها چەند بەشداربووی بەلووچ، تورك، کورد و عەربی ئێرانیش لایەنە جیاوازەکانی زوڵم و ستەمیان بۆسەر نەتەوەکانی دانیشتوو لە ئێرانیان باس کردو داوایان لە بەرپرسانی کاروباری کەمایەتییەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ وێنە سەرۆکی شۆڕای مافی مرۆڤ کرد تاکوو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤ دۆستانە بە گشتی و بە تایبەتی تر لە ڕوانگەی مافی نەتەوە و ئاینە جۆراوجۆرەکان گوشار بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی. وتەکانی ئەم نوێنەرانە بووەهۆی ئەوەی کە ناڕەزایەتی نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە مقەری ژێنێڤی لێکەوتەوە. نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی داوایان لە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کرد کە ئیزنی قسەکردن بەم کەسانە نەدرێت. نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە دووجار قسەکردنیاندا، بەردەوام پێداگرییان دەکرد لە پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێران و بۆ وێنەش پاراستنی ماڤی کەمایەتییە ئیتنیکی و ئاینییەکان و هەروەها پێداگر بوون لەوەی کە ئەو کەسانە دەستگیر کراون یان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە تێرۆریست بوو ن و لە ڕووی یاسایشەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت و بە بەردەوامیش بەشداربووانی نەتەوەکانی ئێران لەم کۆنفرانسەیان تۆمەتبار دەکرد کە سەر بە گروپە تێرۆریستییەکانن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەبوو کە قسەکانەی ئەم کەسانە بە بێ سەرنجێ لە لایەن هەموو بەشداربووانەوە ڕووبەڕوو بوو و پاش تەواوبوونی قسەکانیان، تەنانەت لە لایەن یەك کەس لە بەشداربووانەوە کە ڕێژەیان زیاتر لە ٥٠٠ کەس بوو چەپلەیان بۆ لێنەدرا و جگە لەوەش، لە ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان بۆ وەرگرتنی نۆبەیەك بۆ قسە کردن، لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکەوە نۆبەکەیان دواخرا بۆ ڕۆژی دووهەم.

کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، بەیانییەکانیان پێشتر ڕادەستی بەڕێوەبەرانی کۆبووونەوەی کۆنفرانسی شۆورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو. هەروەها لە کۆنفراسەکەشدا وتارێکی هاوبەش لە لایەن هەر دوو حیزبەکەوە، ئامادە و پێشکەش کرا.لەم کۆبوونەوە جیهانییەدا وتەبێژانی نەتەوەکانی ئێران لەوانە «بەلووچ» و «عەرەب» باسیان لە ئێعدامکردنی پێشمەرگەی کورد «ئێحسان فەتاحییان» کرد و جیا لە ئاشکرا کردنی ئەم جینایەتە لای نوێنەرانی نێونەتەوەیی، هاودەردی خۆیان لەگەڵ خەڵکی کورد دەربڕی.

نوێنەری «یوو، ئێن، پی، ئۆ» ڕێکخراوی نەتەوە بێ نوێنەرەکان، کە هەندێ لە ریکخراوەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانیش ئەندامین، لەم کۆنفرانسەدا وتەی پێشکەش کرد و ڕەخنەی لە دەوڵەتی ئێران گرت بە هۆی نەپاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا. لێدوانی نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و لەوانی وتەکانی «مونیر سولەیمان»ی کە ناوەرۆکێکی پڕ و کاریگەری دەربارەی شێوازەکانی ستەم و زوڵم و زۆر لە خەڵکی بەلووچستانی لەخۆ گرتبوو، لە لایەن بەشداربووانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. لە کۆی قسەکانی ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ئاماژە بەوە کرا کە فیدرالیزم باشترین ڕێگاچارەی بەشداری پێکردنی سیاسی هەموو لایەنەکانە لە ئێرانی چەند نەتەوەییە و ئەم ڕێگاچارە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و پێشوازی لێکرا.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئەم کۆنفرانسە، نوێنەرانی کۆمەڵە کە بریتی بوون لە: ناهید بەهمەنی، ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە و نوێنەری ئەم حیزبە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، خالید حسین زادە، ئەندامی کومیتەی دەرەوەی وڵات و بەختیار عەلیار ئەندامی کومیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی سوئیس، مەجالی ئاشنابوون لە گەڵ کەسایەتی وڵاتانی جۆراوجۆریان بۆ ڕەخسا و سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی زوڵم بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران و بارودۆخی سیاسی ئەم بەشە لە کوردستان قسە و باس و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان کرد. هەروەها لێژنەی ناردراوی کۆمەڵە، پێشنیاری کۆبوونەوەیەکی لە نێوان کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی کۆنفرانس، بە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کرد تاکوو بەشێك لە ڕاونینەکانی خۆیان دەربارەی گرفتی نەتەوەکانی پەیوەندیدار بە خۆیان و هەروەها ڕێگە چارەی سیاسی لە ڕوانگەی خۆیانەوە باس بکەن. ئەم پێشنیارە جێ بە جێ کرا و ئەم بەرنامەیە لە لایەن بەرنامە تەلەڤزیونییەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەروەها تەلەڤزیۆنی «ئەلعەرەبیە»وە بڵاو دەکرێتەوە.دووهەمین کۆنفرانسی شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١٣ی نوامبری ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی و لە پاش دوو ڕۆژ کۆتایی بە کارەکان هێنا. ئەم کۆنفرانسە هەڵبژاردەیەك لە باسەکانی خۆی لە قاڵبی پێشنیارێکدا بە مەبەستی بەدواداچوون، ڕادەستی بەرپرسانی شۆڕای مافی مرۆڤ لە کاروباری کەمایەتییەکان کرد.

لێژنەی بەشداری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی
کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی
نەتەوە یەکگرتووەکان
ژێنێڤ–نوامبری ٢٠٠٩

## درێژەی .......

سەروتار

بە چەند قاتیش پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لەساڵی ٥٧، دژی سەرەڕۆیی ئایینی وەستاوەتەوەو نرخێکی گران و قوربانییەکی فروانی لەم ڕێگەیەدا داوە.

ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان لە دەورەی ئەخیری خۆیدا، سەلی کردووە لە هاتنە سەرشەقامی بەرفراوانی جەماوەریی بۆ دەربڕینی هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانە و ئازادیخوازانەی هەندێ لەشارە گەورەکان، ئەوە لە قووڵایی بزووتنەوەی کوردستاندا هێشتا سوور بوون لەسەر بەردەوامی خەبات بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دیارەو هەربۆیەش، دەسەڵات بە بروبیانوی بێ ناوەڕۆك و داتاشراوەوە، تێکۆشەرانی سیاسی(وەك ئیحسان فەتاحییان) دەگرێ و ئێعدامیان دەکات و گرتن و ئەشکەنجەو حوکمی درێژماوە بەسەر چالاکانی بوارە جیاوازەکاندا دەسەپێنێ. دەسەڵاتی سیاسی بە وردی توانایی هێزەکی بزوتنەوەی کوردستان دەناسێ و لە ترسا هەڵدەکوتێتە سەر تێکۆشەران و بەتەمایە خەڵکی پێ چاوترسێن بکات و بە خەیاڵی خۆی، لە ئەگەری هەر هەستانێکی جەماوەری پێشگیری بکات.

هاوکات بۆشایی گوتارێکی شوناسخوازانەی بەهێز و هاوبەش، بەر لە هەر شتێك لەبەر پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی یەکگرتوییەکی نەتەوەیی بەهێز لەم دەورەیەدا، کاریگەری نێگەتیڤی لەبەردەم ئازادکردنی سەرجەم پۆتانسیەلەکانی بزووتنەوەی کوردستان بۆ بەشداری جەماوەریی بەرچاو لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم چەندمانگەی ئەخیردا بە جێ هێشتووە، ئەم واقعییەتە تاڵە، هەلی بۆ دەسەڵات ڕەخساندووە کە گوشارێکی زیاتر بخاتە سەر بزوتنەوەی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە تایبەت.

ڕەنگە گۆڕانێکی نوێ کە لەم دەورەی ئەخیردا چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بواری مافی مرۆڤ هاوتەریب لەگەڵ هێزە سیاسییەکان توانیان لە بواری ڕاگەیاندن و چالاکی ڕاگەیاندنی وەك داهێنانێك هەڵی سەنگێنین، وەگەڕ خستنی شەپۆلێکی گەورە لە لەقاودانی ڕەهەندە جیاوازەکانی پێشێلکاری دژە ئینسانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی و ریکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤە. ئەمە دەتوانین وەك دەسکەوتێك و خاڵی دەسپێکێك چاو لێبکەین بۆ بەردەوام بوون لە سەر زیندوو ڕاگرتنی پرۆژەی سیاسی و خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەروەها بوار ڕەخساندن بۆ پرۆژە عەمەلییەکانی دیکە. ئاگادار کردنەوەی ڕای جیهانی و دەوڵەتانی دونیا لە ئاستی بەربڵاوی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و لەوە واوەتر، ناساندنی کێشەی گەلی کورد لە کانتێکستێکی (context) جیهانیدا، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و هاوبەشی هەموو لایەنێکی بەرپرس لەم پانتایەدا، پێویستییەکی مێژووییە کە دەتوانێ ڕای گشتی باقی گەلانی ئێران و پاشماوەی کولتوری پان ئێرانیستی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریش بخاتە ژێر کاریگەری پۆزێتیڤی خۆیەوە.

جەخت کردنەوە لەسەر پێویستی بەرهەمهێنانی گوتارێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و هاوبەش، هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی سیاسەتی ڕادیکاڵ و ڕزگاریدەرانەی جەماوەریی، وەك سەرچاوەی حەقیقەتی سیاسی هەموو بزاڤە ڕەسەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات یەکگرتوویی هێزە سیاسییە ڕەسەنەکانی بزووتنەوەکە لەم قۆناغە هەستیارەدا، دەتوانێ لە بەرهەمهێنانی ئەم گوتارە و ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری کوردستان بۆ بەشداری و پشتیوانی کردن لە بزاڤی ئازادیخوازانەی سەراسەریی، بە ڕاگرتنی سەربەخۆیی و شوناسی سیاسی گەلی کوردەوە، ڕۆڵێکی کارێگەر بگێڕێت و ئەمەش، پێویستیەکی سەرەکی ئەم قۆناغە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دێمۆکراسیخوازانەیە لە ئێران. هەڵسەنگاندنی سەرجەمی ئەگەرەکان بۆ ئێستا و داهاتووی سیاسی ئەم خەباتە و هەڵێنجاندنی ستراتێژێکی دیاریکراو و ڕوونی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، بەشێکی بنەڕەتی لەو پێویستییە سەرەکییانەی ئەم دەورەیە لە خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.